خاوەن ئیمتیاز
وەزیری رۆشنبیری

سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان

هەرێمی کوردستان

هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتووریی وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکات

ژمارە (٤٧٩) ١٦ی ئەیلول - ٢٠٠٨

فوئاد حوسێن بۆ گۆڤاری (هەرێمی کوردستان)

گفتوگۆی گەرم لە ئاراداییە لەمەڕ مادەی ٢٤

هەرێمی کوردستان: محەمەد شکاک

سەبارەت بە ناکۆکییەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و حکومەتی عێراق بەتایبەتی مادەی (٢٤) لە لێدوانێکی تایبەت بە گۆڤاری «هەرێمی کوردستان» فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کوردستان گوتی: پێشنیارێک لەلایەن (UN)ەوە کرابوو و تا ئێستا موناقەشەی لێوەدەکرێت لە چوارچێوەی کۆمیتەیەک، ئێمە پابەندین بەو گۆڕینەی کە (UN) ئەنجامیداوەو، ئەو گۆڕینە مادەی (٢٤)ی تیانییە، بەڵام دیارە خەڵکی دیکە بیرۆڕای دیکەیان هەیەو بەشێوەیەکی دیکە باس لەو مەسەلەیە دەکەن ، بەڵام تا ئێستاش موناقەشات لەسەر ئەو مەسەلەیە بەردەوامە.

شایانی باسە، کە پەرلەمانی عێراق لە چوارچێوەی کاروباری خۆیدا، بەردەوامە لە موناقەشەکردن بۆ یەکلاکردنەوەی مادەی (٢٤) و گەلێک بیرۆڕای جیاجیای لێکەوتەوە.

أسماء الألوان / فهرست / الصفحة: ١ / ١٦/٩/٠٨ / 2:06 AM